فوئاد حسێن بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆن

ئەمڕۆ هەینی،بەمبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکان و چەند پرسکی جێ گرنگی هاوبەش جگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتنی پایتختی ئەمریکا.

وەزارەتی دەرەوە لە بیاننامەیەکدا رایگەیاند: فوئاد حسێن جگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتنی پایتختی ئەمریکا و لەو ماوەیدا زنجیرەیەك دیداری دوو قۆڵی لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی باڵای ئیدارەی ئەمریکا ئەنجام دەدات.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ئەم سەردانە لە چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێت، هەروەها گۆڕان بەدوای ڕاگاکانی پەرەپێدانی هاریکاری هاوبەش لە بوارەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابووریدا، ئەم جگە لە تاوتوکردنی پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرژەوەندی هاوبەش.

لە درێژەی بیاننامەکەدا هاتووە، بیارە وەزیر لە سەردانەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆببێتەوە، دیارترینیان مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە، ئەوە جگە لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتیە سیاسی و ئابووریە دیارەکان.